# سستبون و چالاکبونی وشە لە زمانی کوردیدا

**عوسمان کەریم عبدالرحیم[1] جوانە ئەحمەد حسین[2] هیوا کریم حسین[3]**

[1]بەشی زمانی کوردی، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق
[2]بەشی زمانی کوردی، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق
[3]بەشی زمانی کوردی، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (سستبون و چالاکبونی وشە لە زمانی کوردیدا)یە، ئەو هۆکارانە شیدەکاتەوە، کە بونەتە هۆی ئەوەی بەشێک لە وشەکانی زمان لەڕوی بەکارهێنانیانەوە سستبون، بەکارهێنەرانی زمانەکە کەمتر پەنایان بۆ دەبەن، لە بەرانبەریشدا بەشێکی تریش لە وشەکان چالاکن و بەردەوام لەلایەن قسەپێکەرانییەوە بە کار دەهێنرێن، لەگەڵ ئەوەشدا وشە کە دێتە ناو فەرهەنگەوە دەشێت تەمەنی کورت، یان درێژ بێت، ئەمەش بەندە بە چالاکی و سستبونی وشەکەوە، سەرەتای هاتنە ناوەوەی وشە لە زمانێکی ترەوە لەگەڵ وشە بنەڕەتییەکەدا دەکەوێتە ململانێوە، ڕەنگە سەرکەوتو بێت و لە لای قسەپێکەرانییەوە پەسەند بکرێت، یان لەناو چوارچێوەی پیشەیەک وەک زاراوە بەکاربهێنرێت. لە دوو بەش پێکهاتووە; لە بەشی یەکەمی توێژینەوەکەدا بە شێوەیەکی تیۆریی، هەر دوو دیاردەکە ڕونکراونەتەوە و نمونەی پێویست بۆ چالاکبون و سستبونی وشە هێنراونەتەوە، لەگەڵ خستنەڕوی پێکهاتنی وشە و ئەو ڕێگایانەی دەبنە هۆی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان باس کراوە.. لە بەشی دووەمیشدا بەشێوەیەکی کارەکی (مەیدانی) نمونەکان لەو کەسانەوە وەرگیراون، کە سەردەمانێک بە گڕ و تینەوە کار و پیشەی خۆیان کردووە و بەردەوام بازاڕیان گەرم بووە، لە کۆتایی هەر پار و وەچە پارێکیشدا ئاماری وشەکان کراون و پاشان بەپێی پێکهاتەی دروستبونیان، وەک " لێکدراو و داڕێژراو و سادە و وەرگیراو و داتاشراو و گرێ" پۆلێن کراون. دواتر لە کۆتایی بەشەکەدا ئاماری سەرجەم وشەکان و پێکهاتنیان بە چارتێک خراوەتەڕو و ئەنجامە گرنگەکانی ئەم توێژینەوەیەیان پێکهێناوە، لەگەڵ ئەوەشدا گرنگییەکی باش دراوە بە لێدوانی ئەو کەسانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا کراوە و خودی خۆیان بەردەوام لە ناو کارەکەدا بون، ئەو پیشانە ئاوێتەی ژیانیان بووەو بونەتە بەشێک لە کەسایەتییان، تەنانەت وەک ناسناو بە دوای ناوەکانیانەوە پەیوەست بووە.

**کلیلە وشە:** بارودۆخی فەرهەنگ، چالاکبونی وشە، سستبونی وشە، لێکسیکۆلۆجی، لێکسیکۆن

## ١. پێشەکی

**١.١ ناونیشانی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە، بە ناونیشانی "سستبون و چالاکبونی وشە لە زمانی کوردیدا" یە.

**٢.١ ڕێبازی توێژینەوەکە:** بۆ خستنەڕوی هەردوو دیاردەی سستبون و چالاکبونی وشە لەنێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا پشت بە زمانەوانی کارەکی بەستراوە.

**٣.١ ئامانجی توێژینەوەکە:** دەرخستنی ئەو وشانەیە، کە تا دوێنێ بە وشەی چالاک دادەنران، بەڵام لەئێستادا سستبون و کەمتر دەستیان بۆ دەبرێت، لەگەڵ ئەو وشانەی ئەمڕۆ کە بە وشەی چالاک ناو دەبرێن، بەراورد دەکرێن.

**٤.١ هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوەکە:** توێژینەوەیەکە بەراورد لە نێوان دوێنێ و ئەمڕۆی وشەدا دەکات و ئەو وشانەی هێناوەتە بەرباس، کە تا دوێنێ لەناو زمانی کوردیدا چالاکبون بەهۆی ئەوەی پەیوەندییان بە ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵەوە هەبووە، بەردەوام بە سەرزاری قسەپێکەرانییەوە هەبووە و دواتر ئەو هۆکارانەی بونەتە هۆی سستبون و چالاکبونی وشەکان لە زمانی کوردیدا.

**٥.١ ئامانجی توێژینەوەکە:** پشت بە ئەو وشە سستبو و چالاکانە دەبەستێت، کە لە نێوان کەمی بەکارهێنان و زۆری بەکارهێناندا ئەو دو دیاردەیە لەزمانی کوردیدا دروست بووە، لە نێوان دوێنێ وەک ئەو پیشانەی سەردەمانێک لە ناو شاری سلێمانی دەوروبەریدا کاریگەر بون، ئەمڕۆش زۆرێک لەو پیشانە گۆڕانکاری زۆر

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٣، ژمارە ٢ (٢٠٢٠)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ٢٦ ئاب ٢٠٢٠؛ پەسەندکردن: ٣٠ تشرینی دووەم ٢٠٢٠
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ٢٥ کانوونی یەکەم ٢٠٢٠ بڵاوکراوەتەوە.
ئیمەیڵی توێژەر: Othman.abdalrahim@univsul.edu.iq
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٠ **عوسمان کەریم عبدالرحیم، جوانە ئەحمەد حسین، هیوا کریم حسین،** گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.0

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v3n2y2020.pp9-17

گەورەیان بەسەردا هاتووەو بەشێکیان هەر نەماون، بەهۆی ئاڵوگۆڕی بازرگانی کەلوپەلی ئامادەکراو لە وڵاتانەوە هاوردە دەکرێن و کۆمەڵێک وشەی ئامادەکراو شوێنی وشەکەلی ئەو پیشە خۆماڵییانەی دوێنێی لێژرکردووە.

**٦.١ ناوەرۆکی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکی و دوو بەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە. بەشی یەکەم: خستنەڕووی چەمکی سستبون و هۆکارەکانی سستبونی وشە، لەگەڵ چالاکبون و گەنجینەی دروستکردنی وشە چالاکەکان و پاشان هۆکارە سەرەکییەکانی چالاکبونی وشە لە زمانی کوردیدا. بەشی دووەم: کارەکییە (مەیدانییە)، باس لە بەشێک لە پیشە دێرینەکانی ناو شاری سلێمانی و دەوروبەری وەک زەرەنگەری و بەرگدرو و عەتاری و سەڕاجی و پێڵاودرو، پاشان وشە سستبو و چالاکەکانی کێڵگەی خواردن و کەرەستەی ناوماڵ و کەرەستەی کشتوکاڵی و پاشان وشە سستبو و چالاکەکانی کێڵگەی ئەدەبی.

## ٢. چەمکی سستبون و چالاکبونی وشە

### ١.٢ سستبونی وشە:

سستبون دیاردەیەکی زمانەوانییە باس لەو وشانە دەکات کە لە ئێستای زمانەکەدا کەمتر پەنایان بۆ دەبرێت لەبەرئەوەی چەمکەکانیان چیتر گرنگییان نەماوە لەلای بەکارهێنەرانی، هەر لەبەرئەوەشە بەشێکی هەر بە یەکجاری لەزمانەکەدا نەماون، چونکە ئەو کێڵگە واتاییەی وشەکەی تێدا بەکاردەهات لەئێستادا بەشێکیان سستبون، بەشێکی تریشیان هێشتا ماون، بەڵام بەکارهێنانیان تەسکبووەتەوە و تەنیا لە لایەن ئەو پیشەوەرانەوە بەکاردەهێنرێن. "زمان هەمیشە لە گەشە و گۆڕان دا یە، بە تێپەڕبونی کات، وشەکانی زمان گۆڕانیان بەسەردا دێت، وشەی کۆن لەناو دەچێت و وشەی نوێ شوێنیان دەگرێتەوە." (نوری و شکور، ٢٠١٩، ١٤٤)

### ١.١.٢ هۆکارەکانی سستبونی وشە:

چەندین هۆکار هەن، بۆ ئەوەی بە وشەیەک بگوترێت سستبووە:

**١.** گۆڕانکاری و نوێبونەوە لە ژیانی مرۆڤدا، وایکردووە پیشەیەک بەیەکجاری لەناو دەچێت، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کۆمەڵێک وشەی تایبەتمەند لەو بوارەشدا سستبن و کەمتر دەستیان بۆ ببرێت، بۆ نمونە کۆپاندرو، کە لەگەڵ خۆیدا فەرهەنگۆکێک لە وشە لەناوچون، بۆ یادگاری لەناو چەند پیشەوەرێکی نزیک لەو بوارەدا باس دەکرێت، ئەو پیشانەی پەیوەندییان هەبووە بەو بوارەوە سەڕاجی بووە (سەڕاج، ٢٠٢٠)، لەبەرئەوەی زۆربەی کەلوپەلەکانی لەلایەن ئەو پیشەیەوە بۆ دابین دەکرا

**٢.** چەند پیشەیەک هێشتا بەردەوامن، بەڵام بەشێکی زۆر لە وشەکانیان گۆڕانکاریان بەسەردا هاتووە، ئەگەر پیشەی سەڕاجی بە نمونە وەربگرین ئەوا دەبینین چەندین وشەیان لەئێستادا سستن، چەرمی ئاژەڵیان لە دەباغخانە خۆش دەکرد بە زۆری ڕەنگی ڕەشیان بۆ بەکار دەهێنا، ئەو کەسەی ئەو پیشەیەی دەکرد پێیان دەگوت دەباغچی، (گازن)ی بۆ بڕینی چەرمەکان بەکاردەهێنا. (سەڕاج، ٢٠٢٠)

**٣.** بونی چەند پیشەیەکی هاوبەش و نزیک لە یەکترییەوە وەکو پیشەی خشڵ و زێڕ و زیوی ئافرەتان، هەرچەندە لەکۆندا بەهۆی گرانی نرخی ئاڵتون و خراپی باری دارایی هاوڵاتیان، پیشەوەری ئەم بوارە زیاتر زیو و زەردیان بەکارهێناوە لە جوانکاری خشڵەکانیاندا، بەڵام لەئێستادا ئاڵتون بەشێوەیەکی بەرچاو بەکاردەهێنرێت. ئەو وشانەی لەم پیشەیەدا هەبون، بەڵام بەهۆی هاوردەکردنی ئاڵتون وشەکانی ئەم بوارە کەمتر بەکاردەهێنرێن بۆ نمونە (بۆرە) و (تەنە) کە هەردووکیان دەخرانە ناو (بۆتە)ەوە، بەڵام (بۆرە) بۆ پێدانی گەرمی بو بە ئاڵتونەکە بۆ ئەوەی نەرم بێت، (تەنە)ش بە هەمانشێوە دەخرایە ناو (بۆتە)و دەخرێتە ناو کورەی ئاگر و گەرمی بە زیوەکە دەدا بۆ ئەوەی نەرم بێت". (عەزیز، ٢٠٢٠).

**٤.** هەندێک وشە هەبوون لە بواری پیشەی کەلوپەلی ناوماڵ، لە کۆندا بۆ پێوانەسازیی بەکاردەهێنران، بۆ نمونە (مەن) کە لە مس دروستکرابوو نزیکەی ٤-٥ کیلۆگرامی دەگرت بۆ پێوانی ئارد و گەنم و ساوەر و برنج ...هتد بەکاردەهێنا، بەڵام لەئێستادا ئەمە تەنیا لای جوتیارە بە ئەزمونەکان ماوەتەوە. (ساڵح، ٢٠٢٠).

**٥.** گۆڕانکاری لە قەبارەی چەمکی وشەکان، وەک (لەگەن) لە بواری قاپ و قاچاخدا کە لە (قاپ)ی ئێستا گەورەتربوو، چەمکەکەی سستبووە، هەروەها (ئاشخانە) چەمکەکەی فراوانتر بووە، بەڵام لەئێستادا وشەی وەرگیراوی (موبەق)ی بۆ بەکاردەهێنرێت" کە لە (مطبخ)ی عەرەبییەوە وەرگیراوە". (عەزیز، ٢٠٢٠).

**٦.** گۆڕانکاری لە شێوەو بەکارهێنانی ئەو شتانەی بە مەبەستی ساردکردنەوەو هەڵگرتنی بۆ ماوەیەکی درێژ، مرۆڤ لەهاویندا حەز بە ئاوی سارد دەکات، بەڵام لەکۆندا نەک ئامێری ساردکەرەوە نەبووە، بەڵکو ئەو تەزووەی ئامێرەکەی پێ هەڵکراوە نەبووە، لەبەرئەوە (کوندە)یان بەکارهێناوە بە مەبەستی ساردکردنی ئاوەکە، کە (لە پێستی ئاژەڵ دروستکراوە). (ساڵح، ٢٠٢٠).

**٧.** گۆڕانکاری لە ژیانی مرۆڤەکان جۆری خۆراکەکانیشیان بەهەمانشێوە لەسەردەمێکدا زۆر بەکارهێنراوە، بەڵام لە ئێستادا بەکارهێنانی سستبووە، وەک (پەرشە و قاورمەی گۆشت ...هتد).

**٨.** جلوبەرگ بەپێی تەمەن و سەردەمەکاندا هەمیشە لە گۆڕانکاری بەردەوامدایە، (کەواوسەڵتە) کەسانی پایەدار و دەوڵەمەندەکان لەبەریان دەکرد، دواتریش جۆری قوماشەکان و شوێنی دروستکردنیان یەکێک بون لە تایبەتمەندییەکانی ئەو قوماشانە، وەک (مەنتۆ)ی ئافرەتان،ت کە (زیاتر بۆ بۆنەکان لەبەریان دەکرد)، قوماشی (ڕۆمانی)ش بەهەمانشێوە لەلای پیاوان بایەخی خۆی هەبووە. (شەریف، ٢٠٢٠).

**٩.** باری دارایی کۆمەڵگا کاریگەری لە سەر سستبونی وشەکاندا هەیە، کاتێک باری دارایی کۆمەڵگای کوردی خراپ بووەو نەیانتوانیوە سەرجەم پێداویستییەکانیان بە دەست بخەن، بۆیە زۆرجار پەنایان بۆ سروشت بردووە، بۆ نمونە کاتێک (تایت و سابون) بەردەست نەبووە، (ئەسپۆن)یان بەکارهێناوە بۆ خاوێنکردنەوەی جلوبەرگەکانیان. (عەتار، ٢٠٢٠).

**١٠.** گۆڕانکاری لە سیستەمی کۆمەڵگا وایکردووە پیشەیەک لەناو بچێت، بۆ نمونە لە سەرەتاکانی جەنگی جیهانی یەکەمدا بایەخێکی زۆر بە چەک و جۆرەکانی چەک دراوە، بۆ نمونە (م.ر.هاوار) دەڵێت: "هەتا زەمانی عوسمانلی و بەر لە شەڕی یەکەمی جیهانی، شاری سلێمانی بە دروستکردنی خەنجەر و تفەنگ و چاککردنەوەی تفەنگ و دەمانچە بەناوبانگ بووە، ئەوانەی خەریکی ئەو پیشەسازییە بون پێیان دەگوترا (چەخماخ ساز). (هاوار، ١٩٩٠، ٦٧) بەڵام دوای ئەوەی جەنگەکان کۆتاییان هات کۆمەڵگاکان بەرەو شارستانییەت هەنگاویان ناو ئەو پیشەیە بە فەرهەنگی وشەکانییەوە سستبون.

## ٢.٢ چالاکبونی وشەو گەشەسەندنی گەنجینەی وشەکانی زمان

لە بەرانبەر سست بوون و نەمانی چینێك وشە، چینێکی تری وشە دێتە ئاراوە. (نوری و شکور، ٢٠١٩، ١٤٤) بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی مرۆڤ لە کردەی پەیوەندیکردندا، جا ئەو وشە نوێیانەش چی لە ڕێگەی داڕشتن و داتاشین لە نێو

زارەکانی زمانەکە بێت، یاخود بە ڕێگەی وەرگێڕان و وەرگرتنی وشەی بێگانە بۆ زمانی کوردی بێت .

گەنجینەی وشە چالاکەکان ئەوانەن، کە هەمیشە بەسەر زارەوەن و لە ژیانی ڕۆژانەدا زۆر بەکاردەهێنرێن، هەمو مرۆڤێک بەپێی جیاوازی تەمەن، پیشە "نەک تەنیا ئەو وشانەی، کە دەیزانێت، بەڵکو زۆربەی کات لە کاتی قسەکردندا بەکاریان دەهێنێت". (سەعید، ٢٠٠٨، ١٠)

زمان بۆ گەشەکردن و چالاکبونی وشەکانی چەند ڕێگایەک دەگرێتەبەر:

**١.٢.٢ لێکدان:**

"ئەو وشە ناسادەیە، کە لە دوو مۆرفیمی سادەی واتادار یان پتر پێک دێت و واتایەکی نوێ دەگەیەنێت." (عەبدولا، ٢٠٠٧، ١٥٦).

چەندین وشە بەم ڕێگایە دروست دەبێت، کە هەندێکیان وەک پێداویستییەکی ڕۆژانە زۆر چالاکن و بەکار دەهێنرێن، لەوانە:

- دیارخەر دەکەوێتە پێش دیارخراو، مۆرفیمی (ی) خستنەپاڵی نێوانیان لادەبرێت:

| ناوی تەواوکراو | ناوی لێکدراو |
|---|---|
| (ژنی برا) -(ی) | برا + ژن ← براژن |
| (برای شو) -(ی) | شو + برا ← شووبرا |

لەم دوو نمونەیەی سەرەوە لە (ناوی تەواوکراو)دا دیارخراو کەوتۆتە پێش دیارخەرەکەوە، بەڵام کاتێک بووە بە وشەی لێکدراو پێچەوانە بووەتەوە دیارخەر پێش دیاخراو کەوتووە، ئەمەش بەهۆی چالاکیی دیاخەرەکەوە بووە، کە نزیکترە، یاخود گرنگترە لەلای کەسی قسەکەرەوە.

- سازکردنی ناوی لێکدراو بە لە ناوێکی بە ڕەگی کار تەواوکراو، وەک:

"ئاژاوەگێڕ -قسەزان -وتاربێژ -خوێندکار -ڕۆهەڵات" ئەو ناوە لێکدراوانەی کە لە ناو و ڕەگی کار پێک دێن، هەندێکیان ناوی کاران، یان ناوی بەرکارن، یان سیفەتی بەردەوامییان تێدایە، یاخود سیفەتی نا بەردەوامییان تێدایە:

**أ. ناوی کارا،** وەک (وانەبێژ) (موکریانی، ١٩٦١، ٦٣٦) -ماسیفرۆش -جلشۆر)

ڕۆنانی ناوی کارا بەیاریدەی ئاوەڵناو + ڕەگی کار ← (کۆنەفرۆش)

**ب. ناوی بەرکار،** وەک:

ناو + ڕەگی کردار : سەرما بردە

ناو + ڕەگی کاری کارا نادیار:-وەک (مارەکراو)

**١. ڕۆنانی ناوی لێکدراو بە یارمەتی:**

**أ.** (ژمارە + ناو ) وەک: پێنج ڕۆژی هەفتە (یەکشەمە -دووشەمە -سێشەمە -چوارشەمە -پێنجشەمە)، ناوی مێرو "هەزارپێ -دوپشک"، ناوی شوێن"دوکان -سێکانیان -چوارتا".

**ب.** (ژمارە + ژمارە) ، وەک: دو + دو ← دودو

**٢. دو ناو بە یارمەتی ناوبەندی /-و-/ سازکراون:**

ژن + /-و-/ + ماڵ ← ژن و ماڵ

**٢.٢.٢ داتاشین:**

دروستکردنی وشەیەک لە دو وشەی سەربەخۆ یان زیاتر، بە مەرجێک هاوئاهەنگی لە واتای نێوان وشە داتاشراوەکەو هەردو وشە یان زیاتر لە وشە داتاشراوەکان هەبێت. (القاسمی، ١٩٨٥، ١٠٢)

**ڕێگە + نوسین ← ڕێنوس**

**ڕێگە + زمان ← ڕێزمان**

**"کانی ئاسکان ← کانیسکان"** (مارف، ١٩٧٥، ١٣٤)

**٣.٢.٢ دارشتن:**

یەکێکە لە ڕێگا زۆر باوەکان بۆ ڕۆنانی وشەی نوێ، کە هۆکارێکە بۆ گەشەکردنی زمان و خەرمانی وشەی پێ دەوڵەمەند دەکرێت. یان "دارشتن ڕێگا زۆر باوەکەیە، بۆ دەربڕینی واتای نوێ لە زمانی ئینگلیزیدا، بە تایبەتی لە کێڵگەی تەکنەلۆژیادا، کە زانستی کۆمپیوتەر و پزیشکی و فیزیکی و زانستی سروشتی دەگرێتەوە، هەروەها داهێنانە نوێکان و تەکنەلۆژیای نوێ" (مارف، ١٩٧٥، ٣٨). لەرووی پێکهاتنیشەوە دارشتن بریتییە لە مۆرفیمێکی سەربەخۆ و مۆرفیمێکی بەند، بۆ نمونە: "کەبابچی -جگەرچی -کلیلساز -دوکاندار -ئاسنگەر -مسگەر -...".

**٤.٢.٢ وەرگرتن**

هەر زمانێک لە جیهاندا وەربگرین بە چاوی توێژینەوە لێی بڕوانین دەبینین بە شێک لە وشە خود زاراوەکانی لە زمانێکی ترەوە وەرگرتووە، زمانی کوردیش لەم ڕێسازە بێ بەش نییە. "ئەگەر چاوێک بە ڕۆژنامە و گۆڤار و نامیلکە و کتێبە کوردییەکانی سەرەتای ئەم سەدەیە(مەبەستی لە سەدەی بیستەم)دا بخشێنین، بۆمان دەردەکەوێ، کە زمانی کوردی بە هۆی ڕێبازی وەرگرتنەوە دەیان زاراوەی لە زمانی عەرەبی و فارسی و تورکی و ئەفرەنجی (فەرەنسی) وەرگرتووە". (بەسیر، ١٩٧٨، ٤٨)

**٢.٢.٥ گرێ:**

ڕستە لە گرێ پێکدێت، هەر گرێیەک لە وشەیەک زیاترە، بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکانی فەرهەنگ پەنای بۆ بردووە. " (وشەسازی بە ڕێگای سینتاکسی-) یەکێکە لە ڕێگا ئەکتیڤ و چالاک و بەپێز وبەرهەمانەی، کە لە گەشەکردن و پەرەسەندنی فەرهەنگی کوردیدا، شوێن پەنجەی بە ڕون و ئاشکرا، دیارە. " (سدیق، ٢٠١٣، ١١٨) هەمو گرێیەک لە دەرخراو و دەرخەرێک پێکهاتووە. بۆ نمونە: شاری سلێمانی ، زانکۆی کۆیە، ...هتد.

**٣.٢ هۆکارەکانی چالاکبوونی وشە لە زمانی کوردیدا**

**١. ڕاگەیاندن:** بە هەردوو جۆرەکەیەوە (بینراو و بیستراو)، هۆکارێکی گرنگی چالاکبونی وشەیە، چونکە وەک دەزگایەکی چالاک، کاریگەری زۆری لە سەر بینەر و بیسەری کوردا هەیە، هەر لە ئامادەکردنی پرۆگرام و هەواڵ و هەروەها ڕیکلامیش ڕۆڵی گرنگ لە چالاکبونی وشەکانی ئەو بوارانەدا دەبینێت ، تەنانەت "درک کردنی مرۆڤیش بەو کاریگەرییەی ڕیکلام هی ئەمڕۆ نییە، بەڵکو هەر لە دێری دێرینەوە، چونکە بە خەڵکەوە پەیوەند بووە". (سورمێ، ٢٠٠٥، ٨٨) وەک (ساردکەرەوە -گەمکەرەوە -جلشۆر -پاککەرەوە ...هتد.) هەروەها بەکارهێنانی ئاوەڵناوەکان لەپلەی باڵادا، وەک (باشترین -گرنگترین -جوانترین -پاکترین ...هتد) زۆر چالاکن.

**٢. تۆڕی کۆمەڵایەتی ئینتەرنێت:** گۆڕانکارییەکانی دونیا بە جۆرێکە سەرجەم کایەکانی ژیانی گرتۆتەوە، بەهۆی گەشەسەندنی بواری تەکنەلۆجیا و هۆکارەکانی ڕاگەیاندن و کۆمپیوتەر و ئینتەرنێتەوە چەند ئەپلیکەشنێکی جیهانی، تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک و ڤایبەر و ماسنجەر و واتس ئاپ ...هتد. سەریان هەڵداوە، بوونەتە هۆی چالاکبونی وشەکانی ئەو بوارانە. وەک "**پەیوەندی -نامە ناردن (چاتکردن) - وێنە ناردن -**

**قسەکردن - گفتوگۆ - سەرهێڵ (ئۆنلاین)، هێڵی خێرا - هێڵی خاو - کۆمێنت - بڵاوکردنەوە - پشتیوانی (هاش#) - ڕاپرسی - لایک - مۆدێم** ...". (شنۆیی، ٢٠٠١، ١٧٠).

**٣. بازرگانی:** ئاڵوگۆڕی کاڵاو شمەکی بازرگانی لە نێوان وڵاتان و تەنانەت لە ناوخۆی وڵاتێکیشدا بۆ ساغکردنەوەی بەرهەمی کشتوکاڵی و پیشەسازی و تەکنەلۆجی وایکردووە چەندین وشە بەهۆیانەوە لەڕوی بەکارهێنانەوە چالاک بن و بەردەوام بەکاربهێنرێن. وەک "**شتومەکی هاوردە - بەرهەمی ناردن - هاوردەکاران - ناردنکاران -کڕین - فرۆشتن - کاڵای دەرەکی** ...هتد. ". (خلیف، ٢٠١٩)

**٤. تەکنۆلۆجیا:** زاراوەکە لە بنەڕەتدا یۆنانییە، لە دوو بەش (مۆرفیم) پێکهاتووە، بەشی یەکەمی (تەکنۆ) بە واتای هونەر، پیشە، یان نمایش، دووەم بەشی بریتییە لە (لۆجیا) بە واتای زانست، کۆڵینەوە، پێکەوە بە واتای زانستی تواناکانە، یان کارەکییە. واتە زانستێکی سەربەخۆ و کارەکییە، گرنگی بە پێکەڵکردن (تطبیق)ی تیۆرییەکان دەدات بە شێوەیەکی ڕێکخراو. (ضمراوي، ٢٠٢٠).

داهێنان و گەشەسەندنی بوارە گرنگەکانی ژیانی مرۆڤایەتی بونەتە هۆی داهێنان و گەشەسەندنی سەرجەم ئەو کارگانەی پەیوەستن بەم بوارە زانستییەوە، کە بریتین لە وشە چالاکەکانی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت و مۆبایل و سەرجەم ئامێرەکانی ڕاگەیاندن، وەک: "**ڕەسەن (ئۆرجیناڵ) - ئاسایی (عادی) - باش - خراپ - کۆپی - گران - هەرزان - کەرەستەی کارەبایی - بەرزکەرەوە (ئاسان سوار - مصعد)- کۆمپیوتەر - سیدی - دیڤیدی - یاری (گەیم)...هتد.** " تەنانەت ئاوەڵکردارەکانی (**خێرا - خاو - باش - خراپ**)یش لەم بوارانەدا زۆر چالاکن.

**٥. وەرگێڕان:** یەکێک لە هۆکارە کاریگەرەکانی چالاکبونی وشەکان دەگەڕێتەوە بۆ وەرگێڕانی ئەو چەمکە نوێیانەی لە بوارە جیاوازەکانی زانستدا دەردەکەون و بایەخی پێ دەدرێت و بەردەوام لە لایەن پسپۆڕانەوە بەکاردەهێنرێت، بە دوو شێواز وشە لە بەرانبەر چەمکێکی بیانی دادەنرێت، یەکەمیان بە شێوەی وەرگێڕانی ناوەڕۆک (کاڵکە). وەک (**شبكة الانترنيت : تۆڕی ئینتەرنێت، دليل السياحة: ڕێبەری گەشتیاری ، دليل الطالب : ڕێبەری قوتابی**). (سدیق، ٢٠٢٠) دووەمیش بە شێوەی کورداندنی وشە کە بە ڕێنوسێکی کوردییانە و بەو شێوەیەی گۆ دەکرێت بنوسرێن، وەک (**فیلم : فلیم ، پاسپۆرت : پەساپۆرت ، الساعة: سەعات ، like : لایک ، Comment : کۆمێنت**).

## ٣. سستبون و چالاکبونی وشە

ئەم بەشە زیاتر کارەکییە و بەشێک لە پیشەوەرەکانی ناو شاری سلێمانی و دەوروبەری لەڕێی چاوپێکەوتنەوە بە سەر کراونەتەوە بەپێی کێڵگەی واتایی چەند بوارێک دەستنیشان کراون، بۆ هەریەک لەوانە نمونەی وشەی سستبو و چالاکبوی ناو زمانی کوردی لەخۆ دەگرن، بوارەکانیش، بریتین لە ناوی پیشە و خواردن و کەلوپەلی ناوماڵ و کەرەستەی کشتوکاڵی و وشەکانی بواری ئەدەبیات.

### ١.٣ ناوی پیشە:

چەندین پیشەی جۆراوجۆر بونیان هەبووەو پێداویستییەکانی تاکی کوردی لە قۆناغێکی دیاریکراودا دەستەبەر کردووە، بەڵام لە ئێستادا بە هۆی بێشکەوتنی شارستانیەت و گەشەی تەکنەلۆجیاوە لە سەرجەم کایەکانی ژیانی مرۆڤایەتی ئەو پیشانە نەماون وەک "ناڵبەند ، کۆپاندرو، چەرچی ، تەتەر، مسگەر".

#### ١.١.٣ پیشەی زەڕەنگەری و کێڵگەی خشڵی ئافرەتان:

بەشێوەیەکی گشتی لای ئافرەتان و ڕەگەزی مێ بەگشتی گرنگترین و بەنرخترین کانزان، هۆکارەکەشی بۆ گرانی نرخ و ڕەونەق و جوانی ئەو کانزایە دەگەڕێتەوە. پێشتر ئەو خشڵانەی لەلای زەڕەنگەرەکاندا بەرچاو دەکەوتن، دروستکراوی دەستی ئەوان بون و لەلایەن ئافرەتانەوە پەسەندو جوان بون، ناویشیان لێناون و هەمو ئەو ناوانەشی بۆ ئەو خشڵانە دانراون وشەی شیاو و بەرزبون. (سدیق، ٢٠٢٠)

بەهۆی ئەو کرانەوەی ئەمڕۆی بەجیهانیبون تێکڕای ئەو خشڵانە گۆڕانیان بەسەردا هاتون و شتی نوێتر جێی گرتونەتەوە وەك: "**دوگمەودۆلاب ، لاگر ، لیرەی ڕەشادی ، هەیاسە، ژێر چەنە، ملەلیرە** ...هتد". ئەو ئامرازانەی لەم پیشەیەدا بەکارهاتون و لە ئێستادا سستبون، بریتین لە:

- **جفتە:** شێوەی لە موکێش دەچێت، بەڵام لەڕوی قەبارەیەوە لە موکێش گەورەترەو لەکاتی پاککردنەوەو گەرمکردنی کانزاکاندا هەڵیدەگرنەوە بۆ ئەوەی دەستیان نەسوتێت، یەکێک بووە لە ئامێرە گرنگەکانی پیشەی زەڕەنگەری و مسگەری.
- **سمۆ:** لەئاسن دروست کراوەو بۆ دروستکردنی گۆ بەکارهێنراوە، چاڵێکی تێدایە لە شێوەی گۆیەو ئاڵتونەکەی تێدەکراو شێوەکەی وەردەگرت و بۆ گۆبەرۆک بەکاردەهێنرا.
- **بۆرە:** تەنێکی وردە و ڕەنگی بۆرە، گەرمی بە ئاڵتونەکە دەبەخشێت کارەکان بۆ زەڕەنگەرەکە ئاسانتر دەکات.
- **تەنە:** هەمان ئەرکی بۆرە دەبینێت، بەڵام ئەمەیان بۆ بەخشینی گەرمی زیاترە بە زیو.
- **بۆتە :** کانزای ئاڵتون و زیو و زەردی تێ دەکرێت لە شێوەی پەرداخێکدایەو لە پۆڵا دروست کراوە، پاش ئەوەی کانزاکەی تێدەکرێت دەخرێتە ناو کورەی ئاگر و نەرم دەبێت و زەڕەنگەرەکە بە ئاسانی کاری لە سەر دەکات.
- **هەمانە:** لە چەرم دروستکراوە لە ژێر قاچی زەڕەنگەرەکە دادەنرا، لە کاتی کارکردندا قاچی پێدا ناوەو هەوای ناردووە بۆ ئەوەی ئاگرەکە تیژتر و بەتینتر ببێت.
- **هەتیتە:** لە شێوەی ڕاستەیەو چەند کونێکی وردی هاوتەریبی پێوەیە، بۆ باریککردنەوەی تەلی ئاڵتون لەگەڵ مێوی هەنگوین بەکاردەهێنرێت بەگەرمکردن بۆ ئەوەی ئاڵتونەکەی پێ بچوک بکرێتەوە.
- **کوشە:** بۆ هەڵکردنەوەی تەلی ئاڵتون و زیو و زەرد بەکاردەهێنرێت بۆ ئەوەی بکرێت بە زنجیر.
- **پلایسی_ تێهەڵکێش:** لە شێوەی پلایس و دەمەقەلە بەڵام بچوکترەو بۆ دروستکردنی ئەڵقەی زنجیر بەکاردەهێنرا

| ئاماری وشەی سست | لێکدراو | داڕێژراو | سادە | وەرگیراو | داتاشین | گرێ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٩ | | جفتە<br>بۆرە | هەمانە | سمۆ<br>تەنە<br>کوشە<br>هەتیتە<br>بۆتە | | پلایسی<br>تێهەڵکێش |

ژمارەی وشە سستبووەکانی (زەڕەنگەری) بریتییە لە (٩) وشە، (جفتە) لە (جفت/ جوت) + پاشگری ناوی داڕێژراوی/-ە/ پێکهاتووە، هەروەها (بۆرە) لە

ڕەنگی (بۆر) + پاشگری ناوی داڕێژراوی /-ە/ دروستبووە، وشەی (هەمانە)ش سادەیە، بەوپێیەی ئەگەر فۆنیمێکی لێ بکرتێنرێ ئەوا واتاکەی دەشێوێت ئەمەش لادانە لە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی مۆرفیم. (فتاح، ١٩٨٤، ٨١) وشەکانی (سمۆ ، تەنە ، کۆشە ، هەتیتە) سەرچاوەی وەرگرتنەکەیان ڕون نین، بەڵام (بۆتە) لە (بودقة)ی عەرەبییەوە وەرگیراوە. هەروەها گرێی (پلایسی تیهەڵکێش) لە دەرخراو و دەرخەرێک پێکهاتووە.

ئەو وشانەی لە پیشەی زەڕەنگەریدا چالاکن، بریتین لە:

**مسقاڵ:** کێشی ئاڵتونی پێ دەپێورێت، (٥) گرامە، هەروەها (٢٤) حەبەیە، لەئێستادا زۆر چالاکە.

**زاخاو:** جۆرە مەوادێکی پاکژکەرەوەیە لە شۆرەو نەشادر درستکراوە بۆ پاککردنەوەی ئاڵتون بەکاردەهێنرێت.

**عەیار:** پێوانەی ئاڵتونەو بەپێی تێکەڵکردنی مس بۆ ناو ئاڵتون ژمارەی عەیارەکەی نیشان دەدات، لە بنەڕەتدا ئاڵتون عەیاری (٢٤) بەپێی عەیار مسی تێکەڵ دەکرێت و (٢١) و (١٨) و (١٤) و (١٢) .....هتد لێ دیاری دەکرێت. (عەزیز، ٢٠٢٠) (مس و زەرد و ئاڵتون و ئاڵتونی خلیجی) لە کۆن و ئێستاشدا زۆر چالاکن.

| ئاماری وشەی سست | لێکدراو | داڕێژراو | سادە | وەرگیراو | داتاشین | گرێ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٧ | | جفتە<br>بۆرە | مس<br>زەرد<br>ئاڵتون<br>زاخاو | عەیار<br>مسقاڵ | | ئاڵتونی خلیجی |

ئەو خشتەیەی سەرەوە وشە چالاکەکانی پیشەی زەڕەنگەری نیشان دەدات، کە بریتین لە (٧) وشە، لەڕوی پێکاهتنەوە (مس و زەرد و ئاڵتون و زاخاو) سادەن و (عەیار و مسقاڵ) لە (العیار والمثقال)ی عەرەبییەوە وەرگیراوە و گرێی (ئاڵتونی خلیجی)ش لە دەرخراو و دەرخەرێک پێکهاتووە.

### ٢.١.٣ پیشەی بەرگدرو و کێلگەی جلوبەرگ:

جلوبەرگی کوردی لەکۆندا بەرێژەیەکی زۆر خەڵکی لەبەری کردون، جگە لەو کەسانەی، کە بەکاری فەرمانبەری دەوڵەتەوە خەریک بون، بەڵام ئەگەر بڕدبینەوە لەئێستادا زۆر بەکەمی لەبەر دەکرێن، تەنیا لە بۆنە نەتەوەییەکاندا نەبێت، هەندێ جلوبەرگ پێشتر لەبەردەکران، بەڵام لەئێستادا زۆرکەم بەکاردەهێنرێن، واتە سستبون (ڕەزا، ٢٠٢٠)، بۆ نمونە:

- **مەنتۆ (کەوا):** جۆرە قوماشێکی ئافرەتان بووە، لەکۆندا بۆ کەوای ژنان بەکاردەهێنراو لە ماڵەوە و بۆنەکان بەکاردەهات و لەئێستادا ئافرەتانی باڵاپۆش بەکاری دەهێنن، هەرچەندە شێوەی لەو کەوایەوە نزیک بووە، بەڵام دوگمەی جۆراوجۆری پێوەیەو قوماشەکەشی قورسترو چڕترە.
- **خامک / خامەک:** جۆرە قوماشێکی، کە زیاتر تایبەت بووە بە کراس و جلی ژێرەوەی بوک.
- **گوڵ وەقە:** جۆرە قوماشێکی گوڵداری گوڵ گەورە بووە بۆ کەوای ژنان بەکارهاتووە.
- **گوڵباتمانی:** ئەم جۆرە قوماشە لۆکەی تێدەکراو کەواو سەڵتەی ژنانی پێ دروست کراوە.
- **جەلسە:** جۆرە قوماشێک بووە بەهەمانشێوە بۆ دروستکرنی کەوای ئافرەتان بەکارهێنراوە.

جۆری جلی پیاوان: **کەواو سەڵتە ، فەتاح پاشا. کورتەکی ناودار** (هەر جۆغە بووە بەڵام درێژتر بووە). (شەریف، ٢٠٢٠).

| ئاماری وشەی سست | لێکدراو | داڕێژراو | سادە | وەرگیراو | داتاشین | گرێ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٨ | گوڵباتمانی<br>فەتاحپاشا<br>گوڵ وەقە<br>کەواو سەڵتە | خامک | | جەلسە<br>مەنتۆ | | کورتەکی ناودار |

کۆی وشە سستبووەکانی پیشەی بەرگدروو (٩) وشەیە، (گوڵباتمانی و فەتاح پاشا) لە ڕوی پێکهاتنیانەوە لێکدراون. (عەلی، ٢٠٢٠) هەروەها (جەلسە)ش وەرگیراوە، بەڵام سەرچاوەکەی ڕون نییە، بەڵام (مەنتۆ) نزیکە لە (مانتو)ی عەرەبییەوە. گرێی (کورتەکی ناودار) لە دەرخراو و دەرخەرێک پێکهاتووە، (گوڵ وەقە) لێکدراوە، (کەواو سەڵتە) لێکدراوە بە یارمەتی بەستەر /-و-/.(خامک/ خامەک) مۆرفیمی سەربەخۆی (خام) و پاشگری بچووککراوەی /-ک/.

**- وشەی چالاک:**

**مستیلە:** لە زەرد دروستکراوەو دەخرایە سەر پەنجەکان بۆ ئەوەی دەرزییەکە نەچێت بە پەنجەیاندا.

**کوبابە:** دەزویان تێوە ئاڵاندووە و بۆ هەڵکردنەوەی دەزووەکان بەکاردەهێنرێت.

هەروەها (**دەرزی و مەکۆو مەسەرە**)ش چالاکە.

| ئاماری وشەی سست | لێکدراو | داڕێژراو | سادە | وەرگیراو | داتاشین | گرێ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٥ | | مستیلە | دەرزی<br>مەکۆ | مەسەرە<br>کوبابە | | |

لە (٥) وشە پێکهاتووە، وشەی (مستیلە) لەڕوی پێکهاتنەوە لە (مست) و پاشگری بچووککراوی /-یلە/ پێکدێت، (مەسەرە و کوبابە) سەرچاوەیان ڕون نین.

### ٣.١.٣ عەتاری:

پزیشکی میللیشیان پێ گوتووە، ئەم پیشەیە زیاتر بۆماوەییە و لە باوکەوە بۆ نەوەکانی گوێزراونەتەوە گوزەری عەتارەکان لە سلێمانی لە سەروی بازاڕی سەراجەکانەوەیە نزیک حەوزە وشکەکەی ناو جەرگەی بازاڕی شاری سلێمانییدایە. (عەتار، ٢٠٢٠)

**مایۆنیس:** گیراوەیەکە بۆ سکچون و چارەسەری چاویش بەکارهێنراوە.

**ئەسپۆن:** بنی ڕەگی گیایەکە لە دەشت و دەر دەڕوێت و وشکیان دەکرد و "پێشتر بۆ پاککردنەوە و شتنی قاپ و قاچاغ و بەرە و قاڵیی تەنها پشت بە ئەسپۆن بەستراوە و لە ئاردەکەشی خۆشتن و پاککردنەوەی جەستە". (ڕەسول، ٢٠٠٩)

| ئاماری وشەی سست | لێکدراو | داڕێژراو | سادە | وەرگیراو | داتاشین | گرێ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢ | | | ئەسپۆن | مایۆنیس | | |

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v3n2y2020.pp9-17

ژمارەی وشە سستبووەکانی پیشەی عەتاری (٢) وشەن لەڕووی پێکهاتنەوە (ئەسپۆن) سادەیە و لە کۆندا ئەم وشەیە چالاک بووە، بەڵام (مایۆنیس) سەرچاوەکەی ڕون نییە.

وشە چالاکەکانی ئەمڕۆ:

**زەیتی بادەم:** بۆ چارەسەری لێو قلێشانیان پێ دەکرد و ناو لوتی نەخۆشی سوریژە بەکار دەهێناو بۆ ئەوەی بە باشی هەناسە بدات.

**بنێشتە تاڵ:** بۆ چارەسەری برینی گەدە بەکاریدەهێنن.

**بەهێی پیشاو:** بۆ چارەسەری کۆکەی وشک بەکاردەهێنرێت.

**بەهارات و ڕەشکە و مێخەک و جاترە و زەیتی زەیتون و گوێزی هیندی و لیمۆبەسرا** بەردەوام چالاکن و بازاڕیان گەرمە. (عەتار، ٢٠٢٠)

| ئاماری وشەی سست | لێکدراو | داڕێژراو | سادە | وەرگیراو | داتاشین | گرێ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٠ | بنێشتەتاڵ<br>لیمۆبەسرا | ڕەشکە | جاترە<br>مێخەک | بەهارات | | زەیتی بادەم<br>زەیتی زەیتون<br>بەهێی پیشاو<br>گوێزی هیندی |

ژمارەی وشە چالاکەکانی پیشەی عەتاری (١٠) وشەن، لەڕوی پێکهاتنەوە (بنێشتەتاڵ) لە دو مۆرفیمی سەربەخۆ و بەستەری /ە-/ پێکهاتووە، (لیمۆبەسرا)ش لە دو مۆرفیمی سەربەخۆوە سازبووە، وشەی (ڕەشکە) لە ڕەنگی (ڕەش) و پاشگری بچوککراوی/-کە/ پێکهاتووە، (جاترە و مێخەک) سادەن، (بەهارات)یش وەرگیراوە، گرێیەکانی (زەیتی بادەم و زەیتی زەیتون و بەهێی پیشاو و گوێزی هیندی) لە دەرخراو و مۆرفیمی /-ی/ خستنەسەرو دەرخەرێک پێکهاتووە.

### ٤.١.٣ سەڕاجی:

پیشەیەکی کۆنە، پێداویستی پیشەوەرەکانی تری وەک خومچی و کۆپانەدرو و پێڵاودرو و زۆرجار هەندێک پێداویستی بەرگدروشیان دابین دەکرد، چەرم و نایلۆن و خێوەت و قایش و بابەتی جوانکاری وڵاخەکان و کەرەستەی کشتوکاڵیشیان دابینکردووە. پێستی ئاژەڵ پێیان دەگوت **(پێستە)** لە کۆندا لە قەسابخانەکانەوە دەیانهێنایە لای **(دەباخانە)** و **(دەباغچی)** بە خوێ خۆشی دەکرد و دواتر زیاتر ڕەنگی ڕەشیان بۆ بەکاردەهێنا و دەیاننارده لای سەڕاج و ئەویش بە پیشەوەرەکانی تری دەفرۆشتنەوە. (سەڕاج، ٢٠٢٠)

| ئاماری وشەی سست | لێکدراو | داڕێژراو | سادە | وەرگیراو | داتاشین | گرێ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٣ | | پێستە<br>دەباغچی | | | دەباخانە<br>(دەباغخانە) | |

وشە سستبووەکانی پیشەی سەڕاجی بریتین لە (٣) وشە، (پێستە) داڕێژراوە و لە (پێست) و پاشگری ناوی داڕێژراوی /-ە/ پێکهاتووە، (دەباغچی) لە مۆرفیمێکی سەربەخۆ (دەباغ) کە خۆی لە بنەڕەتدا وشەیەکی عەرەبییە و بە یاساکانی وشەسازی کوردی پاشگری /-چی/ چووەتە سەر و ناوێکی داڕێژراوی سازکردووە، وشەی (دەباخانە) بە داتاشین دروستبووە، لە (دەباغ - (غ)) = (دەبا) لەگەڵ پاشگری /- خانە/ سازبووە.

لە ئێستادا **(چەرمی دەستکرد)** زیاتر بازاڕی گەرمە و شوێنی چەرمی ئاژەڵیان گرتۆتەوە، بۆ پێڵاو و جانتا و قەمسەڵە و شتی جۆراوجۆر بەکاریدەهێنن.

جۆرەها **(نایلۆن)** نایلۆنی نیو ملیم و دوو ملیم و ئەستور بۆ گێڕانەوەی سەرما لە وەرزی زستاندا بەکاردەهێنرێت.

| ئاماری وشەی سست | لێکدراو | داڕێژراو | سادە | وەرگیراو | داتاشین | گرێ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢ | | | | نایلۆن | | چەرمی دەستکرد |

ژمارەی وشە چالاکەکانی سەڕاجی بریتین لە (٢) وشە، لەڕوی پێکهاتنەوە لە (نایلۆن) لە زمانی ئەمریکییەوە وەرگیراوە. لەگەڵ گرێی (چەرمی دەستکرد) لە دەرخراو و /-ی/ خستنەسەر و دەرخەرێک پێکهاتووە.

### ٥.١.٣ پێڵاودرو (پینەچی):

پیشەیەکی زۆر کۆنە، بە هۆی خراپی باری گوزەرانی خەڵکی ناو شار و دەوروبەری ئەو پێڵاو و شتومەکانەی لە چەرم دروست کراون کۆنێک دراون، یان ژێریان ڕۆیشتووە، فرێیان نەداوەو بردویانەتە لای پێڵاودرو و سەرلەنوێ بۆی چاککردونەتەوە. (ڕەحیم، ٢٠٢٠)

-ئامێرە دەستییەکانی پیشەی پێڵاودرو، کە لەئێستادا سستبون، بریتین لە:

**مشتە:** لە ئاسن دروستکراوەو چەرمیان پێ پان دەکردەوە.

**جام و ڕەسپە:** قەراغی پێڵاویان پێ ڕێک دەکردەوە.

**لویس:** ئامێرێکی دانیمارکییە بۆ تەنککردنەوەی چەرمی پێڵاو بەکاردەهێنرا.

**دەبانسەری:** جۆرە چەرمێک بووە بۆ بەشی ناوەوەی پێڵاو بەکاردەهات.

| ئاماری وشەی سست | لێکدراو | داڕێژراو | سادە | وەرگیراو | داتاشین | گرێ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٤ | جام و ڕەسپە<br>دەبانسەری | مشتە | | لویس | | |

ژمارەی وشە سستبووەکانی پێڵاودرو (٤) وشەیە، لەڕوی پێکهاتنەوە وشە لێکدراوەکانی (جام و ڕەسپە) لە دو مۆرفیمی سەربەخۆ و بەستەری /-و-/ پێکهاتووە، وشەی (دەبانسەری) لە (دەبان) و (سەری) پێکهاتووە جۆرە چەرمێکی ئەستورە دەبان کراوەو دەخرێتە سەر پێڵاو. وشەی (مشتە) لە (مشت) و پاشگری وشەداڕێژی /-ە/ پێکهاتووە. وشەی (لویس)یش وەرگیراوە، هەرچەندە وشەکە لە فەڕەنسییەوە نزیکە بەڵام ئامێرەکە دانیمارکییە.

- ئەو وشانەی لەم پیشەیەدا هێشتا هەر چالاکن:

**درەوش:** کاری دورین و چاککردنەوەی پێڵاوی پێ ئەنجام دەدرێت.

**قاڵتاغ:** جۆرە چەرمێکە بۆ ژێری پێڵاو بەکاردەهێنرێت.

**دەزگا:** لە ئاسن دروستکراوەو بۆ چاککردن و دورینی پێڵاو بەکادەهێنرێت. (پێڵاودروو، ٢٠٢٠).

| ئاماری وشەی سست | لێکدراو | داڕێژراو | سادە | وەرگیراو | داتاشین | گرێ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٣ | | دەزگا (دەستگا) | درەوش | قاڵتاغ | | |

ژمارەی وشە چالاکەکانی پیشەی پێڵاودرو (٣) وشەیە، وشەی (دەزگا) گۆڕانێکی دەنگیی بەسەرداهاتووە بۆ ئاسانی گۆکردن و لە (دەستگا)وە هاتووە، وشەیەکی داڕێژراوە لە (دەست) و پاشگری ناوی شوێنی /-گا/ پێکهاتووە، وشەی (درەوش) لە ڕوی پێکهاتنەوە سادەیە، ئەم وشەیە لە شێوەزاری هەورامیشدا هەر چالاکە. وشەی (قاڵتاغ)یش لە تورکییەوە وەرگیراوە.

**٢.٣ خواردن:**

سێ ڕەگەزی سەرەکی پێویست بۆ بەردەوامبونی ژیانی مرۆڤ هەیە، ئەوانیش: "ئاو ، هەوا ، خۆراك"ن، واتە لەڕوی بایۆلۆجییەوە خۆراك بەردەوامی بە ژیانی مرۆڤ دەدات. سەرەڕای ئەوەی هەر نەتەوەو کۆمەڵێکیش چەند جۆرێك خۆراکیان هەبووە، لەئێستادا یان هەر زۆر بەکەمی لە لای کەسانێکی دەگمەن دەخورێن، جگە لەمەش باری دارایی خێزان و کۆمەڵگا کاریگەری لەسەر جۆری خۆراکەکەی هەیە. هەر لەم ڕوانگەیەوە کۆمەڵگەی کوردی خۆراکی ڕۆژانەی بەدوو شێواز دەستەبەر کردووە:

**أ.** خۆراکە شلە: لیستی ئەو خۆراکانەی مرۆڤی کورد لە سەری ڕاهاتبوون، خۆراکێکی تەندروست و سودبەخش بون، بە بێ ئەوەی هیچ بابەتێکی پارێزەریان تێبکرێت، بەڵام ئێستا بەهۆی ئەو کرانەوەیەی لە کۆمەڵگای کوردیدا هەیە، زۆرێك لەو خۆراکانە خەریکە بەیەکجاری نەمێنن، یان خەریکە لەناو بچن. وەك: " **سەمەنی ، شۆربای ساوەر ، ماشەڕەشە ، پیرخەنیلە، چەنسوتەکە** (ئەم خواردنە سەلکە ترخێنەیان بە تەنیا دەکوڵاند)...هتد" (خاڵ، ٢٠٠٥، ١٤٦)

**ب.** خۆراکە توندەکان: مەبەست لەو خۆراکانەیە، کە ئاوی کەمتریان تێدەکرێت و پاش کوڵاندن، یان دەمکێشانیان ئاوی تێدا نامێنێت و توند دەبنەوە، هەندێك لەو خۆراکانە بەرەو نەمان ڕۆیشتون، یان هەر بە تەواوی نەماون، یان بۆ ماوەیەکی دورودرێژە ناخورێن. وەك : " **پەرشە** (چنگیانی، ١٩٩٠، ٤٠)، **چەوەندەر بە ترش** (ئەم خواردنە لەگەڵ گەنم لێدەنرێت و کەمێک ترشی سماقی تێدەکرێت و هەتا وەکو تامی مزر دەبێت).

**قاورمەی گۆشت:** ئەم جۆرە خواردنە لە گۆشتی بزن دروست دەکرا کە بزنەکە هەتا وەرزی پایز کاتی گەڵاڕێزان قەڵەو دەکرا و پاشان سەردەبڕدرا و گۆشتەکەی لە سەر خەڵوز بە هێواشی سور دەکرایەوە و ڕۆنەکەی سەردەکەوت، ئینجا دەکرایە کوپەیەکە، پێی دەگوترا (کاشی) و سەری قایم دەکراو لەکاتی پێویستدا بەکاردەهات و تا وەرزی بەهار دەمایەوە.

**لەپەی ساوەر:** ساوەریان دەکوڵان و ئاوێکی زۆریان تێ دەکرد، هەتا نەرم بێت و نانیان تێدا دەگوشی.

**هەڵز:** گیایەکی سەوزە، بە ناسکی لاسکەکەی وشک دەکراو لە زستان دەخرایە ترخێنەوە.

**گوڵە کابە:** جۆرێکە لە گەنمە شامی، لە ناو دەفرێکی قوڵی لە چیمەنتۆ دروستکراو، کە پێیان دەگوت (سندۆڵ) و دەکوترا هەتا وەکو تویکڵەکەی لێ دەبووەوە، دواتر لە هێڵەکدا بە بایان دەکرد بۆ ئەوەی پوشەکەی بڕوات ئەوەی دەمایەوە دەکرا بە چێشت. (عەلی، ٢٠٢٠).

| ئاماری وشەی سست | لێکدراو | داڕێژراو | سادە | وەرگیراو | داتاشین | گرێ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٢ | ماشە ڕەشە<br>پیرخەنیلە<br>گوڵە کابە<br>چەوەندەر بەترش | | سەمەنی<br>چەنسوتەکە<br>پەرشە<br>هەڵز | | | شۆربای ساوەر<br>لەپەی ساوەر<br>قاورمەی گۆشت |

وشە چالاکەکان، بریتین لە: "**برنج ، یاپراخ ، سەروپێ ، کفتەوەزیری، شفتە ، کفتە ، کوبە ، بریانی بە مریشک، بریانی بەگۆشت ، خواردنە خێراکانیش بریتین لە: پیتزا ، گەسی گۆشت ، گەسی مریشک ، دۆنەر ، شاورمە ، فنگەر**"..

| ئاماری وشەی سست | لێکدراو | داڕێژراو | سادە | وەرگیراو | داتاشین | گرێ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٤ | سەروپێ<br>کفتەوەزیری<br>بریانی بەمریشک<br>بریانی بە گۆشت | | برنج<br>شفتە<br>کوبە | یاپراخ<br>پیتزا<br>دۆنەر<br>شاورمە<br>فنگەر | | گەسی گۆشت<br>گەسی مریشک |

**٣.٣ کەلوپەلی ناوماڵ:**

زۆربەی ئەو پێداویستیانەی، کە لە کۆندا بەکاردەهێنران. لە دار دروست دەکران و دواتر فافۆن و مس و زەردو شوشە، دواتریش ستیل و تیفاڵ جێگەی بەوانە لێژ کردووە، لەبەر چەند هۆیەك ئەوانیش، پاکو خاوێنی و پێویست بەسپی کردنەوە ناکات وەك مس و فافۆن. وەك: " **تاس ، لەگەن ، جامولکە** ..هتد"، هەروەها ئەم وشانەی خوارەوەش سستن:-

**کوندە:** لە پێستی ئاژەڵ دروستکراوەو ئاویان تێدەکرد بۆ ئەوەی سارد بێت.

**ڕەشکە:** لە بەنی خوری ئاژەڵ (بزنی ڕەش) دروستکراوە و کایان تێدەکرد و دەیانهێنایەوە.

**شەلتە:** لە خێوەت دروست دەکرا، ژنان بۆ ئاوهێنان بەکاریان دەهێنا. (عەزیز، ٢٠٢٠)

**بەلم:** چەڵتوکیان لە بنەوە دەدوری و گوڵی چەڵتوکەکەیان لێ دەکردەوە و دواتر بنەکەیان دەخستە ناو ئاوەوە و وەک حەسیر دەیانچنی و دەیانخستە ژێر ڕایەخەکان لە وەرزی زستاندا ماڵەکانیان گەرم دەبوو لە سەرما دەیپاراستن.

**یەغنی کێش:** جامێکی پان بووە لە مس دروستکراوە، بنی بەرز بووە چێشتی تێکراوە.

**کێتەلە:** لە گڵی سور دروستکراوە و لە ناو کورەی ئاگردا سور دەکراو دەسکی هەبووە و چێشتی تێدا لێنراوە و ڕۆنیشی تێدا هەڵگیراوە.

**کوپەلە:** لە گڵی سوور دروستکراوە و سور کراوەتەوە بۆ بەردەست ئاویان تێدا هەڵگرتووە و لە هاویناندا سارد دەبو و لە کاتی تینوێتیدا دەیانخواردەوە.

سندوقی بوراق: سێ تاکی هەبووە، نزیکەی دو مەترێک درێژ دەبو، نوێن و پێخەفی لە سەر دادەنرا و تاکەکانیشی جل و بەرگی تێدا دانراوە.

**تاس حەمام:** جامێکی گەورە بو لە مس دروست دەکرا، لە کاتی چونی ئافرەتان بۆ حەمام کەلوپەلەکانیان تێدا دادەناو هەڵیان دەگرد.

سندوقی هەزار پیشە: لە تەختە دروست کراوە و کەلوپەلی گەشت و سەیرانی تێدەکرا.

**کەندو:** بۆ هەڵگرتنی گەنم و جۆ و زەخیرە بەکارهاتووە و بە قەبارەی جیاواز دروستکراوە.

**دەستشۆر :** جۆرە تەشتێکی ژێر قوڵی بەرز بووە، لە فافۆن دروستکراوە، لە دیوەخانەکاندا بۆ میوان بەکاردەهێنرا.

| ئاماری وشەی سست | لێکدراو | داڕێژراو | سادە | وەرگیراو | داتاشین | گرێ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٣ | تاس حەمام<br>دەستشۆر | جامۆلکە<br>کیتەڵە | ئەسکوێ<br>تاس<br>لەگەن<br>کەندو<br>کوندە<br>بەڵم | یەغنی<br>کێش | | سندوقی<br>هەزارپیشە<br>سندوقی بوراق |

وشە چالاکەکانیش، بریتین لە:

**"فەرش ، ڕایەخ ، بەتانی ، (کومبار/ کارپێت CARPET ) ، پەرداخ ، مەنجەڵ ، کەواتەر ، مەعرزی نوێن ، عەلاگەی جل ، پەردە ، مەخسەل ، مەنجەلی ستیل ، تاوەی تیڤاڵ ، مەنجەڵی بن هیتەر ، سەلاجە ، موجەمیدە ...".**

| ئاماری وشەی سست | لێکدراو | داڕێژراو | سادە | وەرگیراو | داتاشین | گرێ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٥ | | | کومبار<br>پەرداخ<br>مەنجەڵ<br>پەردە<br>ڕایەخ | فەرش<br>بەتانی<br>کەواتەر<br>مەخسەل<br>سەلاجە<br>موجەمیدە | | مەعرەزی نوێن<br>عەلاگەی جل<br>مەنجەڵی ستیل<br>تاوەی تیڤاڵ |

## ٤.٣ کەرەستەی کشتوکاڵی:

سود وەرگرتن لەو ئامێرانە بۆ ئەوەی بتوانن ئەو زەوییانەی دەوروبەریان بۆ مەبەستی کشتوکاڵی بەکار بهێنن و بتوانن بەرهەمەکانی دانەوێڵە و میوە و سەوزە تێدا بچننەوە، کەرەستەکانیش لەکۆندا زیاتر بون، چونکە خەڵکێکی زۆر بەو کارەوە خەریک دەبون و بەرهەمی ماندوبونی خۆیان دەچنییەوە، ئەو ئامێرانەش ئێستا سستبون، بریتین لە:-

**هەوجاڕ:** ئامێرێکی کۆنی کوردەوارییە لە کۆندا جوتیان پێ دەکرد.

**نیلەو باملە:** دو گایان دەهێناو لەملاو لەولای بە دارێکەوە دەبەستەوەو هەوجاڕیان پێ دەبەست و جوتیان پێ دەکرد.

**جەنجەڕ:** بە دو داری درێژەوە لە گایەک بەستراوە، کەسێک لە سەری دانیشتووە و گاکانی بە سەر مەڵۆی گیادا بۆ ئەوەی وردی بکات.

**جەلە:** قایش و قروش بووەو دەیانخستە سەر ملی گایەکە بۆ ئەوەی ملی بریندار نەبێت.

**قوڵنگ و قۆزاخە:** بۆ مەبەستی جوانکاری و لاخەکانیان بەکاردەهێنا.

**هەپە:** دارێکە لە شێوەی قەڵەمی ئاسن لە لایەکیەوە ئەستور بووەو تا ئەوسەری باریک دەبووەوە نوکێکی تیژی هەبووە، لە داری سەر هەوجارەکەیان گیر دەکرد و پێیان دەبەستەوە.

**دەمبین:** دارێکی توڵی نەرمە بە گەرمکردن دەیانوشتانەوەو دەیانخستە دەمی گاجوتەکان بۆ ئەوەی پوش و گەنمەکان نەخوات. (ساڵح، ٢٠٢٠)

| ئاماری وشەی سست | لێکدراو | داڕێژراو | سادە | وەرگیراو | داتاشین | گرێ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٦ | دەمبین<br>قوڵنگ و قۆزاخە<br>نیلەوباملە | | هەپە<br>جەلە<br>هەوجاڕ | | | |

وشە چالاکەکانیش، بریتین لە: **گاسن ، شەن ، داس ، تەورداس ، تەور ، مشاری دەستی ، مشاری کارەبایی، مقەستی مێوبڕین ، چیمەن بڕ**...هتد.

| ئاماری وشەی سست | لێکدراو | داڕێژراو | سادە | وەرگیراو | داتاشین | گرێ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٩ | چیمەن بڕ | | داس<br>تەورداس<br>تەور<br>شەن | | گاسن | مشاری دەستی<br>مشاری<br>کارەبایی<br>مقەستی<br>مێوبڕین |

## ٥.٣ ئەو وشانەی لەلایەن نوسەران و شاعیرانەوە دروستکراون:

شاعیران و نوسەران هەریەکەیان خاوەنی ڕێچکەو شێوازی تایبەتی خۆیانن و لەژێر کاریگەری زمانەکەدا بەشداریان لە سازکردنی چەندین وشەو زاراوەی کوردییان کردووە و بەپێی ڕۆشنبیری خۆیان ئەو وشانەیان لە سەردەمی کلاسیکدا بەکارهێناوە، بەهۆی ڕێبازەکانی وەرگرتن، داڕشتن، لێکدان، وەرگێڕان. (مەجید، ٢٠٢٠)

بۆ نمونە:

**توێشو:** ئەو خواردنەی بۆ گەشتی دور لە دو توێی توێشویەکدا هەڵیان دەگرت، لە شیعری کلاسیکی کوردیدا زۆر باو بووە.

**فەنەر :** فڕن کە بۆ سوتانی ناخی شاعیر بووە بۆ ئەوینەکەی.

**شالیار:** لە کۆندا بە واتای وەزیر هاتووە.

**کەشیش :** بە کەسێکی مەسیحی وتراوە لە بری قەشە بەکارهاتووە، بەڵام واتایەکی بارکراوە بۆ دو واتا بەکارهاتووە: یەکەمیان بە کەسێکی کەشخە و ڕێکپۆش گوتراوە، دووەمیان وەک سوکایەتی پێکردن لە بری جوێن بەکارهاتووە. (امین، ٢٠٢٠)


هەروەها ئەم وشانەش سستن: **"ئەبرۆکەوان ، برژانگی موغان ، ڕەقیب، ئاهو (ئاسک)، عەروز".**

| ئاماری وشەی سست | لێکدراو | داڕێژراو | سادە | وەرگیراو | داتاشین | گرێ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٩ | ئەبرۆکەوان | | توێشوو<br>فەنەر<br>شالیار<br>کەشیش<br>ئاهو | عەروز<br>ڕەقیب | | برژانگی موغان |

وشە چالاکەکانیش، بریتین، لە: "چاوکاڵ ، باڵابەرز ، خەم ، وێنەی شیعری، درکە، خوازە، کێش، ڕەوانبێژی، ناسکبێژی (البلاغة)، دێڕی شیعری، هۆنیار، چیرۆک، ڕۆمان، کورتەچیرۆک، کورتیلەچیرۆک ، تەلیسمی جوانی".

| ئاماری وشەی سست | لێکدراو | داڕێژراو | سادە | وەرگیراو | داتاشین | گرێ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٦ | چاوکاڵ<br>باڵابەرز<br>ڕەوانبێژی<br>ناسکبێژی<br>کورتەچیرۆک<br>کورتیلەچیرۆک | درکە<br>خوازە<br>هۆنیار | خەم<br>کێش<br>چیرۆک<br>ڕۆمان | | | وێنەی<br>شیعری<br>دێڕی<br>شیعری<br>تەلیسمی<br>جوانی |

### ٦.٣ هێڵکاریی (Chart) ئاماری وشەکانی بەشی دووەم




سەرجەمی وشەکان لەم بەشەدا (١٤٧) وشەیە، ژمارەی وشە سستبووەکانیش (٦٦) وشەیە، ژمارەی وشە چالاکەکانیش (٨١) وشەیە، لەڕوی پێکهاتنیانەوە وشە لێکدراوەکان (٣٠) وشەیە (١٧)ی سست و (١٣)ی چالاکن، وشە داڕێژراوەکان (١٥) وشەن (٨)ی سست و (٧)ی چالاک، سادەکانیش (٤٤) وشەن (٢٠)ی سست و (٢٤)ی چالاک، وەرگرتن (٣٠) وشەن (١٢)ی سست و (١٨) چالاک، وشەی داتاشراو (٢) (١) سست و (١)چالاک، لەگەڵ ژمارەی گرێیەکان بریتین لە (٢٦) (٨)ی سست و (١٨)ی چالاک.

## ٤ . ئەنجام

**١.** وشەکان بە هۆی کەمی بەکارهێنان و لاوازبونی چەمکەکانی وشە، بە هۆکارێکی گرنگی سستبونی وشەکانی زمانی کوردی دادەنرێن، بەهەمانشێوە زۆری بەکارهێنانیش بەڵگەیە بۆ ئەوەی بە وشەیەک بگوترێت چالاک.

**٢.** بە پێی ئەو ئامارانەی لە بەشی دووەمی ئەم توێژینەوەیەدا بەرهەم هاتووە ژمارەی وشە سستەکان بریتین لە (٦٦) وشە، لەڕوی پێکهاتنیانەوە (١٧) وشەیان لێکدراوە، (٨) وشەیان داڕێژراوە، (٢٠) سادە، (١٢) وەرگیراو، (١) بە داتاشین دروستبووە و (٨) گرێ پێکهاتوون.

**٣.** ئاماری وشە چالاکەکانیش بریتییە لە (٨١) وشە، (١٣)ی لێکدراون، (٧)ی داڕێژراو، (٢٤)ی سادە، (١٨)ی وەرگیراون، (١) داتاشین و (١٨) گرێ پێکهاتوون، واتە ژمارەی وشە سادەکان بەپلەی یەکەم دێت و داتاشین بە پلەی کۆتایی، دروستبونی وشە بەڕێگای سینتاکسیش کە گرێیەکان بە پلەی دووەم هاتووە لە ڕیزبەندییەکەدا.

**٤.** کۆی وشەکانیش (١٤٧) وشەن، هەرچەندە ژمارەی وشە چالاکەکان زیاترە لە سستەکان، بەڵام ژمارەی وشە وەرگیراوەکانیشی زیاترە، کە ئەمەش بۆ زمانەکە زۆر گونجاو نییە، جگە لەوەش پیشەوەرەکان ئێستا کەمتر کاری دەستی و بەرهەمی خۆیان هەیە، بەهۆی هاوردەکردنی کەلوپەلی دەرەکییەوە بەشێکیان بێکار بوون.

## ٥. لیستی سەرچاوەکان

بەسیر، ک.ح.، (١٩٧٨).زاراوەی کوردی. سلێمانی: کۆلێجی ئاداب، بەشی زمانی کوردی.

زادە، ت.ف.، (١٢٧٦هەتاوی). فەرهەنگی وشە دوانەکانی زمانی کوردی. ورمێ: ئینتشارانی سەلاحەدینی ئەیوبی.

سدیق، ف.ع.، (٢٠١٣). جێپەنجەی فرێزی بە لێکسیکبوو لە پەرەسەندنی فەرهەنگی کوردیدا. زانکۆی سلێمانی.

سورمێ، ن. ع.، (٢٠٠٥). ئازادی لە بەهاری تەمەنیدا - وتاری ڕۆژنامەنووسیی. هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی کوردستان.

سەعید، ت. م.، (٢٠٠٨). گەشەسەندن و پوکانەوەی گەنجینەی وشە لەزمانی کوردیدا. سلێمانی: نامەی ماجستێر (بڵاونەکراوە) کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

شنۆیی، س.، (٢٠٠١). دەروازەیەک بەرەو جیهانی کۆمپیوتەر. هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

عەبدوڵا، ڕ. ن.، (٢٠٠٧). فەرهەنگی زمان و زاراوەسازیی کوردی. سلێمانی: چاپخانەی چوارچرا.

فتاح، م. م.، (١٩٨٤). زمانەوانی. هەولێر: کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سلێمانی.

القاسمی، ع.، (١٩٨٥). مقدمه فی علم المصطلح. بغداد: دار الحرية.

موکریانی، گ.، (١٩٦١). فەرهەنگی مەهاباد. هەولێر: چاپخانەی کوردستان.

نوری و شکور، ڕ. -. ش.، (٢٠١٩). فەرهەنگی بەساڵاچووان لە شێوەزاری کۆیەدا - لێکۆڵینەوەیەکی کارەکییە. زانکۆی کۆیە.

ڕەسول, ح. ئ., ٢٠٠٩. سلێمانی: شاری مەلوول و داخراو، شاری دڵتەنگی و تینووی هەتاو [Online]بەردەستە لە: https://emrro.com/silemaniyshari.htm [لە ڕێککەوتی ٢٠١٩/١٢/٢٨]

### چاوپێکەوتن:

امین، محەمەد دلێر (٧٠)ساڵ، ،چاوپێکەوتن هیوا کەریم. وشەی سستبوی بواری ئەدەب ٢٠٢٠/١٠/١٨.

ڕەحیم، ئیبراهیم حەمە (٤٥)ساڵ، چاوپێکەوتن جوانە ئەحمەد. وشە سستەکانی بواری پینەچێتی ٢٠٢٠/١٠/١٥.

سدیق، فاروق عومەر، (٧٠)ساڵ، چاوپێکەوتن عوسمان کەریم. لێکسیکۆلۆجی و ئەو وشانەی چالاکن لە زماندا ٢٠٢٠/١٠/١.

سەڕاج، حاجی عوسمانی حاجی ساڵحی، (٦٨)ساڵ، چاوپێکەوتن عوسمان کەریم. وشەی لەناوچوو ٢٠٢٠/١٠/١٠.

شەریف، حاجی عومەر محەمەد، (٦٩)ساڵ، چاوپێکەوتن عوسمان کەریم. وشەی سستووی بەرگدروو ٢٠٢٠/١٠/١٧.

عەتار، حاجی ئەحمەدی حاجی فەتحوڵای، (٦٢)ساڵ، چاوپێکەوتن عوسمان کەریم. وشە سستبووەکانی بواری عەتار٢٠٢٠/١٠/١٦.

عەتار، هێمنی حاجی ئەحمەدی (٤٤)ساڵ، چاوپێکەوتن عوسمان کەریم. وشە چالاکەکانی بواری عەتار، ٢٠٢٠/١٠/١٦.

عەلی، حاجی فاتمەی کچی حاجی (٧٢)ساڵ، چاوپێکەوتن جوانە ئەحمەد. وشە سستبووەکانی بواری جلوبەرگی ئافرەتان ٢٠٢٠/١٠/١٨.

و. ڕەزا، وەستا ڕەزای بەرگدروو، (٦٦)ساڵ، چاوپێکەوتن هیوا کەریم. وشە سستبوو و چالاکەکانی بەرگدروو ٢٠٢٠/١٠/١٨.